# پارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە [(SUL. G. (٢٩٧٩)] ساڵی ٢٠١٥**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (گشتی)**

## بۆ پرۆژەی :- ( پاککردنەوەی خۆڵ و خاشاکی سنوری شارەوانی سلێمانی ).

## ( کاری پاککردنەوە ،کۆکردنەوە،گواستنەوەو داپۆشینی خۆڵ و خاشاکی سنوری ناوەند ).

**پـــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی گشتی بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات که ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کـــەمکردنەوەیە با سەردانی بینای **پـــارێزگای سلێمانی** (کاروباری هونەری/ ب.گرێ بەستەکان / فرۆشتنی تەندەر ) بکات لە نهۆمی زەمینی بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر( ٣,٠٠٠,٠٠٠ ) سێ ملیۆن دیناری عێراقی که ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەر کرێی بلاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی که تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( ٢٠١٥/١٠/٠٤ ) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ( ٢٠١٥/١٠/١٨ ) لەکاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر ( ٢:٠٠ ) ی پاش نیوەڕۆ ,تەنها ڕۆژانی پێنج شەممە وەرگرتنی تەندەر تا کاتژمێر ( ١:٠٠ ) ی پاش نیوەڕۆ دەبێت .

٢- دوا ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر (١٩/ ١٠/ ٢٠١٥ ) تا کاتژمێر ( ٢:٠٠ ) ی پاش نیوەڕۆ . تەنها ڕۆژانی پێنج شەممە گەڕاندنەوەی تەندەر تا کاتژمێر ( ١:٠٠ ) ی پاش نیوەڕۆ دەبێت .

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی ( ٢٠ / ١٠ /٢٠١٥ ) کات ژمێر ( ٩ ) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤- هەر ڕۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.

٥- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە : ( ٣ ) سی ساڵ ڕۆژ ( ڕۆژمێری ) .لە ٢٠١٦/١/١ – ٢٠١٨/١٢/٣١

٦- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٧- پێوستە بەڵێندە لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ ( email ) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات

٨- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(١) ی ٢٠١١ ،مەرجەگشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەی عێراقی بەشی (١و٢) بێت.

### ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی ناوخۆیین بەشداری دەکەن پێویستە پلەی پۆلینکردنیان پلە (١) بێت. وەپێناسی پۆلێن کردنیان پێبێت کەلە ( وەزارەتی پلاندانان ) ەوە دەرچوبێت و بەرواری بەسەر نەچووبێت و پێناسەی ( یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانیان ) پێبێت بەرواری بەسەر نەچووبێت.

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی که لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پلەی پۆلینکردنیان پلە (١) بێت ،تایبە تمەندن بە کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك , تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم, هەروەها ( پرۆژەی هاوشێوە ) یان ئە نجام دابێت.

٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی که بەشدار دەبن پێویستە پلەی پۆلینکردنیان پلە (١) بێت ،تایبە تمەندن بە کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك پێویستە مۆڵەتی کارکردنیان هەبێت لەلایەن حکومەتی هەرێم , هەروەها ( پرۆژەی هاوشێوە ) یان ئە نجام دابێت.

٤- پێویستە پسپۆڕی کۆمپانیاکان بەڵێندەرایەتی گشتی یان پسپۆڕی لە پاککردنەوەی خۆڵ و خاشاکدابێت.

٥- ئەگەر کۆمپانیای بەشداری کەر هەرکارێکی هاوشێوەی هەبێت دەتوانێت بە دۆکۆمێنتی فەرمی پێشکەشی بکات.

٦- ئەگەر کۆمپانیای بەشداری کەر هەرئامێرو کەرەستەیەکی تایبەت بە کۆکردنەوەو پاککردنەوەی خاشاکی هەیە دەتوانێت پێشکەشەی بکات.

٧- کۆمپانیای دەرەکی مەرجە ( joint venture ) بکات لەگەڵ کۆمپانیای ناوخۆ.

٨- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٩- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن

١٠- بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی ( ٤٦٠,٠٠٠,٠٠٠ ) چوار سەدو شەست ملیۆن دینارە بە ( چەکی پەسندکراو ) یان ( خطاب ضمان ) بۆ ماوەی ( ١١٨ ) ڕۆژ پێشکەش دەکرێت.

١١- بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئامادەبێت ,ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

١٢- پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

١٣- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر ( ٩٠ ) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

**سەردار قادر علی**

**جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری**

٢٠١٥/١٠/٤

وێنەیەك بۆ:

- بەڕێز سەرۆکی ئە نجومەنی پارێزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / گە نجینەی ( ٢ ) / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی ش کردنەوەو سپاردن .
- سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر.
- ب . گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ زانیاریتان.
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری /
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بلاوکردنەوە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بەشی IT.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەڕی www.slemani.gov.krd بکە .